کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
12-12-2007 22:06بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەوان لە شیراتۆن ئێمەش با لە شۆڕش دەستپێبکەین ... عەلی مەحموود محەمەد**

بڕیار وایە لە ڕۆژانی 26-28-1-2008 حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە چاودێری سەرۆکی حکوومەت، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی بۆ بە جیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان لە پایتەختی هەرێمی کوردستان ڕێکبخرێت. من نایەمە سەر ئەوەی کە لە دووری چەند مەتری هۆڵی کۆنگرەکەوە چەندین خێزانی کەس و کاری ئەنفالکراو دەژێن، تاکو ئەم چرکە ساتە، هەمان حکوومەت، بە خێرو سەدەقەش بێت لایەکی لێیان نەکردۆتەوە، 17 ساڵی تەواوە لەسایەی هەمان حکوومەت منداڵانیان بە برسێتی و نەخوێندەواری گەورە کرد، گەورەکانیشیان بە هەناسەساردی سەریان نایەوە، کەم نەبوون



ئەوانەی پەنجەرەکانیان وەك مام فارس کارێزی فرۆشت و پاشان لە شەوێکی سایەقەی چلەی زستاندا سەرما ڕەقیکردەوە، سستەمی نێو دەوڵەتی تازە و حکوومەتی کوردستان جگە لە بڕسێتیی و سەرما هیچی دیکەی بە دیاری بۆ نەهێنان، لایەنە تاڵەکانی ژیانی ڕابردوو و ئێستای ئەو قوربانیانە بۆ خۆی پێویستی بە کۆنگرەو کۆنفرانسی گەورەتر هەیە وەك ئەوەی ئێستا ڕێکدەخرێت، هەر نایەمە سەر ئەوەی لە باڵەخانەکانی ئەنجومەنی وەزیران و... چەندین تاوانکاری ئەنفال و فایلچی بەوپەڕی دەسەڵاتەوە دەبینرێن، باسی ئەوەش ناکەم ئەم کۆنگرەو کۆنفرانسانە ئامرازێکی باشن بۆ بردنە پێشەوەی میوانخانە و کۆمپیانیا فرۆکەوانییەکانیان و تەخشان و پەخشانکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان، بە دەستی حکومەت دەیدەن، بە گیرفانی خۆیان وەری دەگرنەوە، لە سەروی هەموو ئەوانەوە هاتنی کۆمەڵێك خەڵکی بیانی بۆ کوردستان و قسەکردن لەسەر پرسی ژینۆساید، کارێکی باشە و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێبکات، بەمەرجێك لە کۆتاییدا ئەمەش نەبێتە بەردەبازێك لە ڕێگەوەی کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و دەڵاڵی ئەنفال خۆیان بکەن بەناو دەسەڵاتا، ئەنفال بکەنە پردی گەیشتن بە مەرامەکانیان، کەواتە میوانە بیانییەکان با بەخێر بێن بێ دەڵاڵەکانیان.

لە جیهاندا باوە کاتێك دەسەڵاتداران لەسەر پرسێك کۆدەبنەوە، کۆنگرە و کۆنفرانس دەبەستن، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هاوکات لە کۆنگرەی هاوچەشندا ئەلتەرناتیڤی خۆیان پێشکەش دەکەن، کاتێك ئەوان لە هۆڵە بە ڕەونەقەکان کۆدەبنەوە و پێك لێکدەدەن، لەسەر ئەنفال بە شێوازی خۆیان دوور لە ئێش و ئازاری خەڵکەکەی قسەوباس دەکەن، ئەوەی نەیەنە سەری کێشە ڕاستەقینەکانی ئێمەی کەسوکاری قوربانیانە، جێی خۆیەتی ئێمەش کۆنگرەی ئەلتەرناتیڤی خۆمان لەناو جەرگەی برین و زامە قولەکانی ئەنفالەوە بگێڕین، باسی ئازاری برسێتی و نەهامەتی ڕۆژە سەختەکانی ژیان و نەخوێندەواری و نەخۆشی و ئازارە دەروونییەکانمان بکەین، باسی چۆنیەتی گرتنمان و دەسەڵاتی ئەمڕۆی تاوانکاران و دادگاییکردنیان بکەین، باسی گەندەڵی کارگێڕی کۆنگرە گێڕەران و تاوانباری ئەنفالچییەکان بکەین، باسی سات و سەوداو مامەڵەی ژێر بە ژێر بە پرسەکەمانەوە بکەین، دەنگ بەرز بکەینەوەو بڵێین کۆنگرەی ڕاستەقینەی ئەنفالکراوان لێرە لە شۆڕشە، بە هەموو توانایەکمانەوە بڵێین شیراتۆن بۆ ئەوان ڕزگاری و هەڵەبجە و گۆپتەپە و شۆڕش بۆ ئێمە، چونکە ناکرێت لە هۆڵە خۆشەکان باسی ژیانی تراژیدی ئەنفالکراوان بکرێت، ئەستەمە کەسانێکی تێر و خۆشگوزەران وێنای ژیانیك بکەن نەیانبینیبێت، دەبا هەموو پێکەوە هەوڵی سازدانی کۆنگرەی ئەلتەرناتیڤ بدەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org


ئـاخر ناکرێت برسیەکـان و سك ئـەستورەکـان، تاوانکـاران و قوربانیـان، جـەمـاوەری بـەش مـەینـەت و حکوومەتی گەندەڵ... هەموو لەیەك کۆنگرەدا کۆببنەوە، بـە یـەك ئاراستـە و ئـاواز و ڕیتم قسـە بکـەن و هەوڵوێست بگرن لـەسەر هەمان پرس، هـەمان ئێش و ئازار، یـەك خواست و ویست؟، بۆیە بێ دودڵی دەڵێم شیراتۆن بۆ ئـەوان شۆڕش بۆ ئێمە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.